کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-10-2007 22:18 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**لاوان بەئاودانی بیری نەتەوایەتیان چاویان لە ئایندەیەکی گەشە ... دەهام عەبدولباقی**

گرنگیدان بە بوژاندنەوەی هەستی نەتەوەیی لاوان یەکێکە لە ئەرکە هەرە گرنگ و کاریگەر و پێویستەکان کە دەبێت هەمووکات و سەردەمێك و لەهەموو قۆناغێك ئەو هەستە بکرێتە داینەمۆی بزواندن و ئاراستەکردنی ئەو توێژە بەرفراوانە، گەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە دەبینین کە بەردەوام ئەو هێزە بەتینەی پاڵی بە توێژی لاوانەوە ناوە خۆیان بکەنە گیانفیدایی گەل و نەتەوەکەیان بێگومان هێزی نەتەوە پەرستی بووە.

لە ناو گەلی کورد بەدرێژایی مێژوو ئەم هەستە لە گەشەسەندن و زیندووبوونەوەدابووە، بۆیە گەر سەرنجمان دابێت لەدوای هەرتێکەوتن و نوشستییەك گەر لەسەر دەستی ناحەزان و دووژمنان کورد تووشی بووبێت ئەوا بە پشتیوانی و توانای گەردەلوول ئاسای لاوان پاش ماوەیەکی کەم هەڵوێستی کورد باشبووەو توانیویەتی زۆر لە جاران دلێرتر و ئازاتر بێتەوە مەیدان.

ئەمڕۆ بەداخەوە دووژمنانی کورد لە گشتلایەکەوە لە هەوڵی چڕوپڕی بەردەوامدان بۆ بلاوکردنەوەی دیعاییەی بی بنەما لە پێناو لاوازکردنی هەستی نەتەوەیی لاوان و بی ئیرادەکردنیان، ئەمەش بەچەندین ڕێگای جۆراو جۆرکاری لەسەر دەکرێت، لێرەدا پێویستە کورد و بەتایبەتیش لاوانمان خۆڕاگربن و بە ورەیەکی بەرزەوە بەرامبەر هەوڵەکانی دوژمنان بوەستنەوەو ڕێگە نەدەن ئەوان سوود لەو کەلێنەوەرگرن و لەدژی ئێمە بوەستنەوە.

نابێت لاوانمان بکەونەناو پلانەکانی دووژمن و ساوێلکانە خۆیان بکەنە نێچری ئەوان، چونکە ئەگەر ئەوان خۆیان کۆنەکەنەوەو هەوڵی بەرەنگاربوونەوە نەدەن نەك هەر ئەوان زەرەمەنددەبن بەڵکو میللەتیش زەرەرمەندی یەکەم و کۆتایی دەبێت، گەر لە ڕەفتارو و ئاکارەکانی بارزانی باوك وردبیینەوە دەبینین ئەو کەسایەتیە مەزنە تەنها لەپێناو هەستی نەتەوەیی گەل و نەتەوەکەی و بۆ دروستکردنی ڕۆژێکی وا ئامادەبووە بەنان و ئاویی خۆی پێشمەرگایەتی بکات و شاخ بە شاخ ودۆڵ بەدۆڵ شەو ورۆژی لێکگرێدەدا.

بۆیە دەبێت لاوانی ئەمرۆشمان وەکو هەڵوێستی بارزانی خۆیان بەخاوەنی ئەم خاکەبزانن و لە پێناویدا نەك هەر گیانی خۆیان فیدابکەن، بەڵکو هەوڵیشبدەن ئەکتیڤانە خزمەتی خاك و نەتەوەکەیان بکەن، لەو پێناوەشدا بە بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتی و پەرەدان بە بیری نەتەوایەتی خۆمان ئامادەبکەین بۆ پاشەڕۆژەکی زۆر ڕووناك بۆ وڵاتەکەمان کە ئەمەش بەشێکە لە چاوەڕوانی خەڵکی لەلاوان کە لاوێکی دڵسۆز بەخاك و نەتەوەکەیان بێت و لێهاتووی خۆیان بسەلمێنن.

ئەرکی هەموویەکێك لەئێمەمانانە کە کاری جدی بکەین و خۆمان لە ئەرکەنەتەوەی و نیشتیمانییەکان نەدزینەوەو لەسەنگەری پێشەوەی بەرگریکردندا پێکەوە خەبات بکەین، داوا لە لاوانی کوردستان دەکەم کە خۆیان لەو تەڵانە دوربخەنەوە کە دوژمنانی گەلی کورد دەیانەوێت بەهۆیەوە هەم تواناکانی لاوان لەناوبەرن هەم ئەزموونی هەرێمی کوردستانیش لەباربەن.

ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێری (ی، ل، د، ك)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.